# سیستەمی سەرمایەداری چۆن لەدایکبوو؟

هەروەک مارکس نوسیی: «بونیادی ئابوریی کۆمەڵگای سەرمایەداری، لە هەناوی بونیادی ئابوریی فیودالّی و دەرەبەگایەتییەوە هاتەدەرێ. هەڵوەشانەوەی دووەمیان، ڕەگەزەکانی ئەوەی یەکەم ئازاد دەکات».

مەرجی بنچینەیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، جیابوونەوەی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆ بوو لە هۆیەکانی بەرهەمهێنان لەلایەکەوە و، چڕبوونەوەی هەموو کەرەستە خاوەکان( raw materials) و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەدەستی کەمینەیەکی دەوڵەمەندی سەرمایەداراندا لەلایەکی ترەوە. ئەم جیابوونەوەیەی زۆرینە بوو لە خاوەندارێتیی زەوی یان ئامراز کە بونیادی سیستەمە مۆدێرنەکەی کاری کرێگرتەی داهێنا. ئەو سیستەمەی کە زۆرینەی زۆری خەڵک تێیدا ناچارن بۆ مانەوەی خۆیان، هێزی کاری خۆیان بفرۆشن.

لە قۆناغە بەراییەکانی فیودالّیزمدا، بەشی زۆری بەرهەمهێنان لەپێناوی مەسرەف و بەکاربردن[1]دا بوو نەک ئالّوگۆڕ[2] (واتە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی بوو نەک سەرمایەگوزاری و کالاّ لەپێناوی کالاّدا). ئیتر ئەم بەرهەم و گەنمە بەرهەمهێنراوە بۆ ژیان و بژێویی جووتیارەکە بوو؛ یان پاشماوەیەکی زیادە کە بەر ئاغا یان پاشا دەکەوت. جووتیارەکان پەیوەست بوون بە زەوییەوە و، پیشەوەرانیش[3] خاوەنی ئامرازەکانی خۆیان و شوێنکارەکانی خۆیان بوون.

بەلاّم کاتێک کشتوکالّی جووتیاری، بەرهەمهێنەرتر بوو؛ ئابوریی بازاڕ لەڕووی قەبارە و بایەخەوە ڕووی لە گەشە و هەڵکشان کرد. خێزانەکان لە جاران زیاتر گەڕانەوە بۆ بازاڕ، ئەویش بۆ کڕینی ئەو شتانەی کە ئەوانیتر بۆ [پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی] خۆیان

---

[1] . use
[2]. exchange
[3] . artisan

بەرهەمیان نەدەهێنا. ئەمە بە مانای گەشەی پیشەوەران دەهات لە شارەکاندا و لەجیاتیی ئەوەش بازاڕێکی گەورەتر بوو بۆ کاڵا کشتوکاڵییەکان.

ئەم ئابوریی بازاڕە نەک هەر لە بەریتانیا، بەڵکو بە هەمان شێوە لە هۆڵەندا، ئیتالیا، پرتوگال و ئیسپانیاشدا گەشەیکرد. چینێکی نوێی بازرگان، بە سامان و دەسەڵاتێکی زیاتر لە جاران سەریهەڵدا، کە تەنیا خولیا و ئارەزووی بۆ ئەو ڕێگایانە هەبوو کە بەهۆی بازرگانییەوە پارەیەکی زیاتری دەردەکرد.

ئەم سەرمایەدارییە بازرگانییە کێشەیەکی هەبوو. گەرچی بازرگانێک دەیتوانی بەهۆی کڕین و فرۆشتن یان سەودا و مامەڵەوە بەخێرایی داراییەک بەیەکەوەبنێت، بەڵام هەڵبەز و دابەزەکانی بازاڕ ئەم قازانجەی لەناودەبردن.

یەکێک لە ڕێگاکانی بەردەم بازرگانەکان بۆ هەڵهاتن لەم کێشەیە بریتیبوو لە غەزو و بەسەردادان. بۆنمونە، بازرگانەکانی بەریتانیا بەهۆی گرتنەدەستی کۆنترۆڵی هندستانەوە، بەسادەیی دەیانتوانی شمەکە بەرهەمهێنراوەکانی هندستان بدزن یان لانیکەم بە نرخێکی کەمتر لە بەهاکەی خۆی بەزۆر بسێنن و پاشان لە ئینگلتەرا بە قازانجێکی مۆڵ بفرۆشن.

بەڵام ڕێگایەکی تەنانەت دڵنیاتر بۆ مسۆگەرکردنی قازانجە بەدەستهاتوو و جێگیرەکان، کۆنترۆڵکردنی خودی شمەکەکان بوو. لەسەرەتادا، بازرگانەکان سودیان لە سیستەمی "کارگەیی"[4] دەبینی، لەم سیستەمەدا کەرەستەی خاو بە قەرز دەدرایە کرێکاران و پاشان کرێکاران شتی خۆیان بەرهەمدەهێنا و بەشێکی بچوکی داهات و دەسکەوتیان وەردەگرت. لە هەمان جێدا، یەکەم هەنگاوی بچوک نرا بۆ کۆکردنەوەی کرێکاران لەژێر یەک سەقفدا و ناچارکردنیان بۆ بەرهەمهێنانی شمەک لەبەرامبەر کرێدا.

لەگەڵ گەشەسەندنی بنکە و پرۆژە سەرمایەدارییەکان لە شارەکاندا، پێویستییەکی زیاتر و هەڵکشاو هاتەکایەوە دەرهەق بە هێزی کار کە چیتر وابەستە نەبوو بە زەوییەوە. لە قۆناغێکدا کە زیاد لە چەند سەدەیەک دەبوو لە ئینگلتەرا، جووتیاران بەزۆر لە زەوییەکانی خۆیان جیادکرانەوە و، بەرهەمهێنانی پیشەوەری لە گوندەکاندا تێکشکا. ئەم مەسەلەیە چینێک خەڵکی وێڵگەڕ و دەربەدەری نەداری درووستکرد کە تاکە بژاردە و ئیختیاریان بریتیبوو لە گەڕان بەدوای کاردا، ئەویش وەک کاری کرێگرتە لە شارەکاندا.

---

[4]. putting-out

ئەم چینە نوێیەی کرێکارە کرێگرتەکان، بەهۆی دزییەکی ئاشکراوە درووستبوو. خاوەنزەوییە گەورەکان، ئەو زەوییە ئیشتراکی و هاوبەشانەیان بە تالاّن برد کە جووتیاران بۆ دابینکردنی بژێویی خۆیان پێیەوە پەیوەست بوون: پرۆسەیەک کە چەند سەدەیەکی خایاند. بەلاّم ئەم پرۆسەیە کافی نەبوو بۆ مسۆگەرکردنی ئەوەی کە خەڵک ملکەچی کارێک بن کە کاتێکی درێژ و سەخت دەخایەنێت ئەویش بۆ کرێیەکی بژێوەمەمرە. بۆیە لە سەردەمی "هێنریی هەشتەم"ی پاشای بەریتانیا و فەرمانڕەواکانی دوای ئەودا، کۆمەڵێک یاسا پەسەندکران کە سزای توندی بۆ ئەو کەسانە تیابوو کە لەکاتی سواڵکردندا دەگیران، بۆنمونە لە سەردەمی هێنریی هەشتەمدا، نزیکەی ٧٢ هەزار کەسی دەربەدەر و بێلانەوماڵ ئیعدامکران.

مارکس تەوسی تاڵی ئەم ئەم مەسەلەیە وا باسدەکات: «بۆیە سەرەتا وەرزێران بەزۆر زەوییەکانیان لێ سەندرایەوە، لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکران، کران بە دەربەدەر و بێلانەوماڵ، پاشان بۆ قبوڵکردنی دیسپلینی پێویست بۆ سیستەمی کرێگرتە، بەهۆی یاسا تۆقێنەرەکانەوە، ڕووبەڕووی قامچی و داخکردن و ئەشکەنجە بوونەوە».

ئەم دەرکردنە بەزەبروزەنگەی ملیۆنان جووتیار لە زەوی، مەرجێکی پێوست بوو بۆ گەشەسەندنی کاری کرێگرتە، کە ئەمەش خۆی بە مەرجی بنەڕەتیی سەرمایەداریی مۆدێرن دادەنرێت.

پۆل داماتۆ/ وەرگێڕانی نێگەتیف

سەرچاوەکان:

- www.ofoghe sorkh.com
- http://socialistworker.org/20032/463/463_09_Capitalism.shtml